cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl · Æ˝ ” 3

www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/8/10 ژمارە (5327)

ئەو سیمفۆنیایانەی چایکۆفسکی بۆ چاوی دڵدارەکانی دایدەنا

حەیدەر عەبدوڵڕەحمان

ئافرەت پانتاییەکی بەرفرەوانی لە ژیانی زۆر لە ناوداڕەکانی جیهاندا داگیر کردووە و بۆتە سەرچاوەی ریشەیی بۆ زۆر لە داهێنانە ئەدەبی و هونەریی و هزرییەکانیان، یەکێ لەوانیش موزیک ژەنی ناسراوی جیهانیی چایکۆفسکییە.

لە ژیانی چایکۆفسکیدا گەلێک ئافرەت هەبووە کە شوێنەوارێکی گەوردیان لە ژیانی ئەودا بە جێ هێشتووە، دەسپێکی ئەو پەیوەندییانەشی لە گەڵ قوتابیەکی پەیمانگای موزیک دەست پێ دەکات و سیمفۆنیای خەونەکانی زستانی بۆ داناوە، ئەو قوتابیە کچێکی جوان وشۆخ و شەنگ و سرنج راکێش بووە، لە تەمەنێکی زوودا‌ژیانی هاوسەرگیریی لە گەڵ چایکۆفسکی هاوڕێ ی ئەنجام دەدات، ئەم هاوسەرگیرییە دەنگۆیێکی زۆری لە ناوەندی هونەریی لێ کەوتەوە، هەندێ وای بۆ دەچوون کە پرۆسەی هاوسەرگیریی چایکۆفسکی بە ئامانجی نەهێشتنی هەندێ پرۆپاگەندە بووە کە لەو کاتەدا لەسەر چایکۆفسکی هەبووە، بەڵاک لاڕۆخ ژ ی هاوڕێ ی چایکۆفسکی وورد‌تر لە نهێنییەکانی ئەو خوازبینییە دەدوێ و دەڵێ ئەو کچە تا ئاستی ئێستقان میرد‌ایەتییان لە نێوا‌ندا نەمابوو، خۆشەویستییەکەیان سەری نەگرت و کچەکە دوو چاری حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز بوو، تا ئەو ئاستەی گەیشتە نەخۆشخانە دەروونییەکان.



ئەوەی چایکۆفسکی پی ناسراو بوو ئەوە بوو کە ئەو کەسێکی شەرمن بوو، سەراپای گیانی سۆزو بەزەیی بوو، بۆیە کاتی خۆی دووچاری ئەو هەڵەیە بوو، ویستی قوربانی بە خۆی بدات و نەڵێت خۆشتم ناوێ لە پێناو ئەوەی هەستی کچەکە بریندار نەکات کە چایکۆفسکی بە راستگۆیی خۆش دەویست، ئەو کاتەی کە چایکۆفسکی لە پەیمانگای موزیک بوو شاکاری مەزنی بالیەی رۆمیۆو جولێت ژ دانا کە یەکێک لە تراژیدیا مەزنەکانی شکسپیر بو.

ئەگەرچی چایکۆفسکی لە یەکەم پەیوەندی لە گەڵ ئافرەتدا شکستێکی گەورەی هێنا بەڵام دواترخۆشەویستی بوو بە یەکێک لە سەرچاوە هەرە بنەڕەتییەکانی داهێنان لای ئەو، یەکێک لەوانیش ئەو خۆشەویستییە کەم وێنەیە بووە کە لەگەڵ شۆخ و شەنگێکی وەک ناجیدا فونک میک هەیبوو، ئەگەرچی ئەوان هەردوکییان لە شاریکدا دەژیان بەڵام هەمیشە گفتو گۆ کردنیان لە گەڵ یەکتر بە نامە بو، کە لە رێگەی یەکێ لە قوتابیەکانی چایکۆفسکی بوو کە منداڵیکی ناجیدا بوو دەیویست فێری موزیک بێت، یەکەم نامەشی لە 18ی کانونی یەکەمی 1876بۆنارد، چایکۆفسکی گەیشتنی ئەو نامەیەی بە خۆشترین رۆژ لە ژیانیدا وەسف دەکات، لەو ماوەیەدا 1204هەزار نامەیان لە گەڵ یەکدا گۆڕیبوو، ئەو ناجیدایە - کاتی خۆی ژنی ئەندازیارێکی وێستگەی شەمەندەفەر بوو، کاتێ پیاوەکەی لە دنیادا مانڵئاوایی کرد، دوو منداڵی چاو گەشی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت لە گەڵ سەروو ساماناێکی ئێجگار زۆر، منداڵەکانی ئارەزوویەکی زۆریان لە موزیکدا هەبوو، ببوون بە پردێکی پەیوەندی نێوان ناجیدای بێوەژن و چایکۆفسکی و گۆرینەوەی هەستی سەرسوڕمان بوون و خۆشەویستی لە نێوان هەردوو لادا، بەڵام جێگەی سەرسوڕمان بوو کە ئەو دوو دڵدارە بۆ تەنها یەک جار لە ژیانیاندا یەکتریان دیبوو، زۆر جاران کورەکەی ناجیدا لە لای دایکی باوکی هەژاری و نەداری و ژیانی پڕ لە تەنگەتاوی ئەو موزیک ژەنە بلیمەتەی دەکرد و ئەویش نازاری پێوە دەخوارد، نەیدەزانی چۆن کارێکی وا بکات کە یارمەتی چایکۆفسکی بدات، بەڵام دانانی کۆرەکەی بۆ فێر بوونی موزیک کردبووە هۆکارێک بۆ ئەو دەرفەتی یارمەتیدانەی، ئەوەبوو دوای کۆتایی هاتنی خولێکی فێر بوون، پاداشتێکی باشی بەو بیانوودەوەبۆ نارد، لە کاتێکا کە ناجیدا ئامادەی یەکێ لە کۆنسێرتە موزیکییەکانی چایکۆفسکی دەبێت، ئیدی لەو رۆژەوە هەموو خولیاو خەیاڵی دەکەوێتە سەر ئەو ئافرەتە، خۆ ئەگەرچی ناجیدا بێوەژنێکی تەمەن 45 ساڵان بوو، بەڵام ئافرەتێکی سرنج راکێشبوو، زۆر ئارەزووی لە گوێ گرتنی موزیک دەکرد، جارێکییان بۆ چایکۆفسکی نووسییووە و دەڵێ تۆ دەروونت هەژاندم و فرمێسکت پێ رشتم، بۆیە بڕوا ناکەم هەرگیز لە ژێر کاریگەری موزیکەکانتدا دەربچم، لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو دوو دڵدارە بۆیان نەدەلوا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، لە بەر ئەوەی ناجیدا وازی لە چینێکی ئۆرستوکراتی بەرزهێنابوو، بۆیە ساڵانێکی دوور رۆحییان لە سەر ئاگری چاوەڕوانیدا دەسوتا، رۆژێکییان جینیدا داوای لە چایکۆفسکی کرد، کە دەست لە پەیمانگای موزیک هەڵگرێ و بە یەکجاری کاتەکانی خۆی بۆ داهێنان تەرخیف بکات، لە بارتەقای ئەوە مانگانەیەکی بۆ ببڕێتەوە و خانوویێکی مام ناوەندی بۆ دابین بکات، بەڵام بەو مەرجەی نهێنی خۆشەویستیەکەی لە گەڵیدا بپارێزێت و هیچ لە پارچە موزیکەکانی پێشکەش بەو نەکا، بەڵام لە ئەنجامدا چایکۆفسکی خۆی بۆ نەگیراو یەکێ لە پارچە موزیکە هەرە ناوداڕەکانی پێشکەش بەو کرد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانی زۆر لەوانە بوون کە بە ژیانی چایکۆفسکییەوە سەرقاڵ بوون ئەوەبوو کە ئەو لێک جودا بوونەوە کتو پڕ بوو کە لە نێوان چایکۆفسکی و ناجیدا هاتە ئاوا‌وەو گەلێک ببرو یێچوون لەم رووەوە خایە روو، هەندێکییان وایان لێک دایەوە کە کاتێ ناجیدا هەموو سەروەت و سامانەکەی لە دەست دا دووچاری حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز بوو بە شێوەیەک کە چایکۆفسکیشی لە ببر بچێتەوە، هەندێکی تر گوتییان : نەخێر ئەو پرۆپاگەندە ناوازانەی هەبوون وای کرد کە ناجیدا بە خۆی دابچێتەوە و سنوورێک بۆ هەڵسوو کەوتەکانی خۆی دابنێت، رۆژنامەکانیش گوتییان ناجیدا شەرمی لە تەمەنی خۆی کردەوەو منداڵەکانیشی گەورە بوون، بۆیە دەرفەتی کەمتری لە ژیانی خۆیدا بینی کە جارێکی دیکە سەرەتایێکی تر دەست پێ بکاتەوە، لە هەندێ نامەی دیکۆمێنتی تردا هاتووە کە زاواکەی کە وەک سکرتێرێکی بووە داوای لێ کردووە کە ئەو خۆشەویستییە لە بیر خۆی باتەوە چونکە پلەو پایەی ئەو لەکەدار دەکات، بۆیە ئەو هاریکارییەی مانگانە بۆ چایکۆفسکی دەنێردران بڕان و تەنانەت رێگەیان لە ئاڵۆ گۆڕ کردنی نامەکانیش گرت، بۆیە چایکۆفسکی دووچاری جۆرێک لە خەمۆکی بوو، ئەو نامەیەی بیر هاتەوە کە کاتی خۆی بۆی نووسیبوو:راستە من گەلێک بە داهێنانە موزیکییەکانت سەرسامم و ئاوازەکانت تێگەڵ بە گیانم بووە بەڵام ژیانی تایبەتیم یاریدەدەر نیە بۆ ئەوەی لێت نزیک ببمەوە، بەڵام ئەم داپڕانە نەبووە هۆکار بۆ ئەوەی چایکۆفسکی دەست لە موزیک هەڵگرێ، بەڵکو زێتر لەوە هانی چایکۆفسکی دا کە پتر گوزارشت لە ناخی خۆی بکاو داهێنانی گەورەتر بە دەست بێنێ، ئەوەتا لەو ماوەی تەمەنیدا چەندین شاکاری مەزنی داناوە: لەوانە: دەریای بالندە، سیحرباز، خاتوونی بیستونی، ئۆپرای یفجینی ئۆنیگن، کیڕۆڵەی ئۆرلیان، سیمفۆنیای چوارەم و پێنجەم، پارچەی 1812هاملیت، رۆمیۆ جولێت، کۆنسێرتی سێیەم و چوارەمی بیانو ، کۆنسێرتی یەکەمی کەمان و چەندین شاکاری تر ..

فەلسەفەی ریچارد رۆرتی

ن: محەمەد ئەسغەری
و: ئەحمەد حاجی مەولود

کاریگەری بەیەکگەیشتنی پراگماتیزم و پۆست مۆدێرنیزم لە دروستبوونی پراگماتیزمی نوێی ریچاد رۆرتی، هەروەکو دوو ڕەوتی گەورەی هزری چەرخی مۆدێرن، واتا عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی لە ئایدیالیزمی بەرزی کانت دەگەنە یەک، لە پراگماتیزمی نوێی رۆرتیش ئەم بەیەکگەیشتنە رووددات. جیاوازییەکە لەوە دایە، کە لە فەلسەفەی رۆرتی، لە جیاتی عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی، پراگماتیزم و پۆست مۆدێرنیزم کۆدەبنەوە.

هەڵبەت هاوچەشنی نێوان پراگماتیزم و پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ هاوچەشنی نێوان عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی جیاوازییان هەیە، بەڵام هاوبەشی پراگماتیزم و پۆست مۆدێرنیزم زیاترە لە جیاوازیەکەیان. بیرۆکەی بنەمایی لەم تێزێنەوەیە، بەیەکگەیشتنی ئەم دوو ڕەوتەی هزرەیە لە فەلسەفەی رۆرتی. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە سنووردارکردنی فەلسەفەی رۆرتی بەم دوو ڕەوتە بەو ڕادەیە هەڵەیە، کە ئەو فەلسەفەیە لەم دوو ڕەوتە جیابکەینەوە و لە دروستبوونی ئەندێشەی فەلسەفەی رۆرتی، لایەنی دیکەی دەبێ پێبدەین، بەواتای دیکە، نابێ وا بیربکرێتەوە کە لایەنی دیکە لە دروستبوونی فەلسەفەی رۆرتی کاریگەریان نەبووە، بۆ نموونە دەتوانین بنەماکانی فەلسەفەی شیکاگۆوە، ئیگزیستانسیالیست و تەنانەت هێرمنۆتیکی گادامێر، لە ئەندێشەی رۆرتی بدۆزینەوە.

بنەماکانی پراگماتیزم

پراگماتیزم، دەرخەری فەلسەفەی ئەمەریکایە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە ئەندێشەی پراگماتیزم سنووردار بکەین لە یەک ولاتدا، بگرە ڕەگی ئەم ئەندێشەیە لە فەلسەفەی ئەروروپا و ئاسیا دەبیندرێ. وشەی "پراگماتیزم" لە وشەی یۆنانی pragmaوە واتای action-یان کرداڕە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار، چارلز سندرس پیرس لە ساڵی 1878هێنایە نێو فەلسەفە، دوایی ویلیام جیمز زیاتر لەسەری دواوە و دەوڵەمەندی کردووە، "مید" ئەوی لەگەڵ کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەندداوە و سەرەنجام جۆن دیویی پراگماتیزمی لەگەڵ پەروەردە و فێرکردن و هەروەها سیاسەت تێکەڵکردووە.

ئەلف ژ ڕەسەنایەتی سرووشت

ڕەسەنایەتی سرووشت جۆرە جیهانبینییەکی فەلسەفییە، کە تێیدا واقعیەت و شوێنی مرۆڤ لە واقعیەت لێک جیاناکاتەوە. مەبەست لە واقعیەت، هەر هەمان سرووشتە، نەک شتێکی ناسرووشتی یان بان سرووشتی. ڕەسەنایەتی سرووشت لەسەر ناسینی گەشەکردنی بەرهەمهاتووی بینینی زانستی داکۆکی دەکات، بۆیە هەندێک جار لەگەڵ زانست بەیەک دادەنرێت. بەم پێیە، ڕەسەنایەتی سرووشت ئامازە بە یەکێتی ئەزموون، عەقڵ و زانست دەکات. سەرەتای ئەم باسە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە پراگماتیستەکانی وەکو جان دیویی، ئەرنست تاگل، سیدنی هۆک و سلارز پارێزگاری ئەو بوون. ڕابرت ئودی لە فەرهەنگی وشەی فەلسەفەی کومبریج، ڕەسەنایەتی سرووشتی لە چوارچێوەی دوو ڕوانگە باسکردووە: -1هەر شتێک پێکهاتووە لە بوونەوەرانی سرووشتی، بوونەوەرانێک کە لە زانستە سرووشتییەکان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ. -2 شێوازی پەسەندکراوی پاساوهێنەر و دیاریکراو لە زانست. ڕوونە کە ڕوانگەی یەکەم میتافیزیکی و ئانتۆلۆژیکی و ڕوانگەی دووەمیش شێوازی ناسینە. بەشێوەیەکی گشتی، فەلسەفە دژ بە ڕەسەنایەتی سرووشتە، بەڵام پراگماتیزم پارێزگاری لێدەکات.

بۆ نموونە دیویی لە نێوان پراگماتیستەکان لە هەمووان زیاتر پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی سرووشت دەکرد. بەم پێیە، ئەو هیچ جۆرە خوایەک لە سرووشت نابینێ، ئەم پرسە سەرچاوەی لە ڕوحی سرووشتگەرایی و ڕوحی داروینیستی ئەندێشەی ئەو دایە. بۆیە، فەلسەفەی دیویی جۆرێک ڕەسەنایەتی ئەزموونی سرووشتگەرایی ئەوە، تەنانەت لەناوی یەکێک لە کتێبەکانی ئەو بەناوی ئەزموون و سرووشت 1925ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی ئەو دەبیندرێ. بەپێی بنەمای سرووشتی دیویی، "عەقل" لە سرووشت دایە. هەڵبەت، بە باوەڕی زۆربەی شیکەرەوان، ئەم ڕوانگەیە، کە عەقڵ لە سرووشت دایە ، دەگەڕێتەوە بۆ سپینۆزا. هەر چۆنێک بێت دیویی لایەنی سرشتی دیکارت و کانتی قبوڵ نەبوو. هەر بۆیە، ئەو خۆی بە سرووشتگەرا دەزانی، بەڵام نەک لە جۆری میتافیزیا ، بگرە پارێزگاری لە شێوەی زانستی دەکرد. بۆیە سرووشتگەرایی ئەو لەم چوارچێوەیە باشە. دیویی شێوەی زانستی، سنوودار بە بزاڤی زانستی نەدەزانی، بگرە ئەوی بۆ بزاڤی ئەندێشەش دەگەڕاندەوە. بەم هۆیە، ئەو ڕەخنەگری توندی میتافیزیا و ئانتۆلۆژی عەقڵگەرایانە و ئایدیالیستی لە جۆری کانت، دیکارتی و هیگڵی بوو.

شیکردنەوەی دیویی لە واقعیەت، بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی ناوبراو داکۆکی لەسەر یەکێتی مرۆڤ و ژینگە دەکرد و هەموویانی بە ئەندامانی سرووشت دەزانی. هەر بەم پێیە، دیویی جیاوازییەکانی زێن و جەستە، تاک و کۆمەڵگە و ڕاستەقینە و بەها، بە بەناوی واقعیەت هەیە، بەڕەهەمی پێگەیشتنە، بۆیە چەمکی عەقڵ ژ لە جۆری فەلسەفی ژ شوێنێکی لە داستانی پێگەیشتنی داروین نییە. پراگماتیستەکان پێشوازیان لە داروینیزم کرد. جان دیویی یەکێک لە بەناوبانگترین فەیلەسووفانی پراگماتیستی ئەمەریکایە (کە کاریگەری زۆری لەسەر پەروەردە و فێرکردن هەبوو) بوونی هەر جۆرە خاڵی مەزن بەناوی روح یان زێن یان نەفس لە سرووشتی مرۆڤ وڵا دەنا، لە کاتێکدا ئەم خاڵە لە فەلسەفەی باو دۆزرەوەی ڕاستەقینەی بەرز و بنەمایی ئاکارە. ئەو لە جیاتی مرۆڤ، ئۆرگانیزمێک پێناسە دەکات، کە بەردەوام بۆ سازگاری لەگەڵ دەور و بەر هەوڵی نوێ دەدات. لە بەناوی واقعیەت نییە. بگرە ئامێرێکە لە خزمەت وەلانانی پێداویستییەکانی مرۆڤ.

ج. بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر

بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر جۆرێک ڕوانگەی ئانتی ڕیالیستییە لەبارەی بیرۆکەی زانستی. لەم ڕوانگەیە بیرۆکەکان وەکو دەزگا و ئامێر بۆ ئاسانکاری لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی بینراو بۆ کۆمەڵەیەکی بینراوی دیاری کراو هەژمار دەکرێت. هەروەها لەم ڕوانگەیە، شیکردنەوەیەک لە واقعیەت و ڕاستەقینە نەکراوە، بۆیە بوونناسی نییە. هەڵبەت بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر، واتای بەرفراوانی هەیە، کە بەناوی واقعیەت هەیە، بەرهەمی پێگەیشتنە، بۆیە چەمکی عەقڵ ژ لە جۆری فەلسەفی ژ شوێنێکی لە داستانی پێگەیشتنی داروین نییە. هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەم دووە پێویست و پێداویستی یەکترن. داروینیزم بەپێی دیکەیان لەبارەی زانستە ئەزموونیەکان، ناڕاستەوخۆ بۆ سەلماندنی بۆچوونی فەلسەفەی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەوان هەندێک جار لە ڕەسەنایەتی سرووشتی بایۆلۆژی قسەیان دەکرد. ویلیام جیمزیش لە سرووشتگەرایان بوو، بەڵام نەک لە بزاڤی زانست، بگرە لە بزاڤی ئاکاری. ئەو لە پێگەیشتنی بەبێ ڕەسەنایەتی سرووشت، داروینیزم شیاوی تێگەیشتن نییە. هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەم دووە پێویست و پێداویستی یەکترن. داروینیزم بەپێی دیکەیان لەبارەی زانستە ئەزموونیەکان، ناڕاستەوخۆ بۆ سەلماندنی بۆچوونی فەلسەفەی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەوان هەندێک جار لە ڕەسەنایەتی سرووشتگەرایی ئەوە، تەنانەت لەناوی یەکێک لە کتێبەکانی ئەو بەناوی ئەزموون و سرووشت 1925ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی ئەو دەبیندرێ. بەپێی بنەمای سرووشتی دیویی، "عەقل" لە سرووشت دایە. هەڵبەت، بە باوەڕی زۆربەی شیکەرەوان، ئەم ڕوانگەیە، کە عەقڵ لە سرووشت دایە ، دەگەڕێتەوە بۆ سپینۆزا. هەر چۆنێک بێت دیویی لایەنی سرشتی دیکارت و کانتی قبوڵ نەبوو. هەر بۆیە، ئەو خۆی بە سرووشتگەرا دەزانی، بەڵام نەک لە جۆری میتافیزیا ، بگرە پارێزگاری لە شێوەی زانستی دەکرد. بۆیە سرووشتگەرایی ئەو لەم چوارچێوەیە باشە. دیویی شێوەی زانستی، سنوودار بە بزاڤی زانستی نەدەزانی، بگرە ئەوی بۆ بزاڤی ئەندێشەش دەگەڕاندەوە. بەم هۆیە، ئەو ڕەخنەگری توندی میتافیزیا و ئانتۆلۆژی عەقڵگەرایانە و ئایدیالیستی لە جۆری کانت، دیکارتی و هیگڵی بوو.

شیکردنەوەی دیویی لە واقعیەت، بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی ناوبراو داکۆکی لەسەر یەکێتی مرۆڤ و ژینگە دەکرد و هەموویانی بە ئەندامانی سرووشت دەزانی. هەر بەم پێیە، دیویی جیاوازییەکانی زێن و جەستە، تاک و کۆمەڵگە و ڕاستەقینە و بەها، بە بەناوی واقعیەت هەیە، بەرهەمی پێگەیشتنە، بۆیە چەمکی عەقڵ ژ لە جۆری فەلسەفی ژ شوێنێکی لە داستانی پێگەیشتنی داروین نییە. هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەم دووە پێویست و پێداویستی یەکترن. داروینیزم بەپێی دیکەیان لەبارەی زانستە ئەزموونیەکان، ناڕاستەوخۆ بۆ سەلماندنی بۆچوونی فەلسەفەی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەوان هەندێک جار لە ڕەسەنایەتی سرووشتگەرایی ئەوە، تەنانەت لەناوی یەکێک لە کتێبەکانی ئەو بەناوی ئەزموون و سرووشت 1925ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی ئەو دەبیندرێ. بەپێی بنەمای سرووشتی دیویی، "عەقل" لە سرووشت دایە. هەڵبەت، بە باوەڕی زۆربەی شیکەرەوان، ئەم ڕوانگەیە، کە عەقڵ لە سرووشت دایە ، دەگەڕێتەوە بۆ سپینۆزا. هەر چۆنێک بێت دیویی لایەنی سرشتی دیکارت و کانتی قبوڵ نەبوو. هەر بۆیە، ئەو خۆی بە سرووشتگەرا دەزانی، بەڵام نەک لە جۆری میتافیزیا ، بگرە پارێزگاری لە شێوەی زانستی دەکرد. بۆیە سرووشتگەرایی ئەو لەم چوارچێوەیە باشە. دیویی شێوەی زانستی، سنوودار بە بزاڤی زانستی نەدەزانی، بگرە ئەوی بۆ بزاڤی ئەندێشەش دەگەڕاندەوە. بەم هۆیە، ئەو ڕەخنەگری توندی میتافیزیا و ئانتۆلۆژی عەقڵگەرایانە و ئایدیالیستی لە جۆری کانت، دیکارتی و هیگڵی بوو.

بیروبۆچوونی پەروەردە و فێرکردنی دیویی، فێرکردن شێوازێکی دیکە لە سازگاری لەگەڵ دەوروبەر هەژمار دەکرێت یان جۆرێک هەڵبژاردنی سرووشتی زینە. دیویی باوەڕی بە ڕەسەنایەتی پێگەیشتنی داروین هەبوو و داکۆکی دەکرد لەسەر پێشکەوتنی لەسەر خۆ لە بزاڤی کۆمەڵایەتی. ئەو هەر ئەم باوەڕەی لە گوتاری بەناوبانگی خۆی "زاڵبوونی داروین لە فەلسەفە" شیدەکردەوە. ئەو داروینیزم، لۆژیکی زێن، ئاکار و ژیان وەسف دەکات. لەم لۆژیکە، پەیوەندی لەگەڵ مەعریفەناسی پراگماتیکی دیویی هەیە.

زۆربەی شیکەرەوانی دیویی، ئەویان بە بناخەدانەری بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر دانا‌وە.

دیویی بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر بە بناغە دادەنێت. هەندێک جار دیویی بەکارهێنانی ئامێر، پراگماتیزم، ئومانیزم و ئەزموونگەرایی لە یەک ناست دادەنێت. لەڕاستیدا بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر، تێگەیشتنی کردارییە لە تەواوی چەمکەکان، وەکو چەمکەکانی زانستی. لەم تێگەیشتنە، پلەی مەعریفەی چەمکەکان و پلەی عەقڵانی کردارەکان بە تەواوکردن، پێشبینی کردن و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتەکانی ئێمە لەگەڵ جیهانی ئەزموونکراوی ئێمە دایە. جان دیویی کە پراگماتیزمی لە هەموو بزاڤەکانی ژیان، بەتایبەت بزاڤی پەروەردە و فێرکردن بەکارهێناوە، بەدوای ئەوە بوو، کە خەیاڵەکان کاتێک ڕاستەقینەن، کە هەلومەرج بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بڕەخسێنن. ئەو بە یارمەتی بەکارهێنانی بیرۆکە وەک ئامێر، کە بۆچوونی ئەوە لە پراگماتیزم، لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوبانگی زۆرترە.

ویلیام جیمز و جان دیویی هەردووکیان لەسەر ئەمە بوون، کە زێن لە گەشەکردن وەکو ئامێرێک بۆ سازگاری لەگەڵ ژینگەی بوونەوەرانی زیندوو هەژمار دەکرێت. بە پێی بۆچوونی جیمز، بیرۆکەکان ئامێرێکن کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسە و کێشەکانی ڕۆژانە بەکاردێن. بۆیە هەر بیرۆکەیەک بە پێی سەرکەوتنی لەم ڕۆڵەدا دادەری لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک ڕێگای خۆی لە نێو دارستانێک بزر کرد، بەپێی ئەم ڕوانگەیەی پراگماتیزم دەتوانێ لە ڕێگەی بیرکردنەوە و چالاکی، ئەم بارودۆخە هەڵبسەنگێنێ: بە یارمەتی وەرگرتن لەم زانیاریانە وەکو بارودۆخی خۆر و ئەو لایەی ئەو تێیدا تێیدەپەڕێ و زانیاری ئەو لەبارەی شوێنەکە، دەکرێ بگوترێ کە ئەو چۆن لەم بارودۆخە رزگار دەبێت. ئەم بیرۆکەیە بەپێی ڕاست و هەڵەبوونی هەڵدەسەنگێنین و وەکو ئامێری بە کەڵک یان بێ کەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانج دادەری لەسەر دەکەین، بەم پێیە، بیرۆکەکان و ئەندێشەکان، ئامێرانێکن بۆ باشتر بوون و بەختیاری ژیانی مرۆڤەکان، تەنانەت زمانیش ئامێرێکە بۆ ژیانبردنە سەر و مانەوەی مرۆڤ، نەک نواندنەوەی واقعیەت.